# به دابەشد ردنی عێراق ئاشتی و سەقامگیری بەرقەراردەبن ... رمزاشول



لە ساڵی (١٩٢١) دا، کە ئیمپریالیزمی بەریتانی بەرژەوەندی خۆی بەبێ خواستی گەلی کوردمان اشووری کوردستانی خستە سەر عێراق و، لە ڕووی سیاسییەوە باشووری کوردستان بوو بەشێک لە دەوڵەتی عێراق .. بەڵام هەرگیز خاکی کوردستان بەشێک نەبووە و نییە لە خاکی عێراق و گەلی کوردیش بەشێک نەبووە لە گەلی عێراق .. زنجیرە شاخەکانی حەمرین و بەدرە و جەسان سنووری باشووری کوردستانن . لە خوار حەمرینەوە عێراقە و، خاکی عەرەبی (سوننەی عەرەب و شیعە) یە کورد و عەرەب دوو نەتەوەی جیاوازن و هەریەکەیان خەسڵەت و داب و نەریت و مێژوو و هیوا و خواستی نەتەوەیی خۆیان هەیە .. ئەوەی بە مێژوودا بچێتەوە لەم ڕاستتیە دەگات .

دەسەڵاتی عێراق لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی ( ١٩٢١) تا ئازادی عێراق لە ( ٢٠٠٣) دا، لە لایەن پێکهاتەی سونەی عەرەبی ڕەگەزپەرستەوە قۆرخکرابوو . هەموو پۆستە باڵاکانی دەسەڵات و سوپا بەڕێوەبردن و و خزمەتگوزاری و دارایی تا دەگاتە بچوکترین بەڕێوەبەرێتی لە دەستی سونەی عەرەبدا بوون .. کورد و شیعە پەراوێز کرابوون .. بە تایبەتیش لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسییە ڕەگەزپەرست و دڕندەکاندا، کە بە ئاگر و ئاسن دەسەڵاتی خۆیان سەپاندبوو، عێراقیان خڵتانی خوێن کرد .. ، ئازادی و دیموکراتی ومافی مرۆڤ نە ناو و نە بوونیان هەبوون .. دیکتاتۆری گۆڕبەگۆر سەدام حوسینی کە عەرەبێکی ڕەگەزپەرست و خوێنڕێژ بوو .. حیزبە ڕەگەزپەرست و فاشتییەکەی بەعسی عەرەبی، دەسەڵاتی قۆرخکردبوون و تاکڕەوانە حوکمڕانییان دەکرد و، بڕیارەکانیان دەدا . کە دەڵێین بەعسییەکان واتە ( عەرەبە سونەکان ) .. کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامەردانە و دڵڕەقانەی دوور لە بەزەیی و لە ڕەوشت و لە ویژدان .. بە دڕندەترین شێوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان دا .. کیمیاباران و ئەنفال و ڕەشەکوژی و ژینۆسایدی کوردیان لە باشووری کوردستاندا کرد، کوردستانیان وێران کرد و سیاسەتی زەوی سوتاویان لە باشووری کوردستاندا پەیڕەوی کرد .. دیمۆگرافیای نەتەوەییان گۆڕی، بۆ بە عەرەبکردنی شاری کەرکوک زیاتر لە (٤٠٠) هەزار عەرەبیان تەنها بۆ ئەم شارە کوردستانییە هێنا .. ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە عەرەبکردن و بە شیعەکردنی کەرکوک زیاتر لە سەردەمی بەعسییەکان درێژەی هەیە، لە ئەمڕۆدا بە ناوی ( ئاوارەوە ) درێژە بە بەعەربکردنی کەرکوک دەدرێت، زیاتر لە ( ٥٠٠) هەزار عەرەب لە دوای سەرهەڵدانی داعشەوە لە کەرکوکدا نیشتەجێبوونە .. بەشی هەرە زۆری ئەم ئاوارانە بە پلانێکی دارێژراو بۆ بە عەەبکردنی کەرکوک و گۆڕینی دیمۆگرافیای نەتەوەیی هاتوون بۆ کەرکوک نایەنەوێت بگەڕێنەوە و بۆ شوێنەکانی خۆیان کە لێوەی هاتوون، حکومەتی عەبادیش پشتگیرییان لێدەکات و ئاسانکارییان بۆ دەکات بۆ مانەوەیان لە کەرکوکدا.. پیاوەکان و کوڕەکانی بەشێکی زۆری ئەم خێزانە عەرەبە بە ناوی ئاوارانە، لە نێو داعشی تیرۆریست دان و، لە دژی کورد شەڕدەکەن .. زۆر بە داخەوە کە سەرکردەکانی کوردمان و حیزبە کوردستانییەکان لە درێژەدان بە بەعەرەبکردنی شاری کەرکوک، بێدەنگن و خەمساردن و هیچ هەڵوێستێک و کاردانەوەیەکیان نییە .. کاتێکیان زانی

چۆن مووسڵ مان لەدەست دا، ئاوهاش کەرکوک لەدەست دەدەین . تا ئەمڕۆش شۆڤینی عەرەبی دان مافە ڕەواکانی کوردمان نانێن و، ئەو ماف و دەسکەوتانەی ئەمڕۆشمان، کە بە رووبارێکی خوێن و بە قوربانیدانی بە هەزاران ڕۆڵەی شیرینمان بەدەستمان هێناون، بێگومان لە ئاستی ئەو هەموو قوربانییانەدا نین .. کەچی سونە و شیعەکان وا دەزانن کە خێریان پێکردووین .. بەڵکو تا ئێستا زۆر جار هەردوو لایان زۆر بێشەرمانە هەڕەشەی ئەوەمان لێدەکەن، ئەگەر بۆیان بکرێت ئەم ماف و دەسکەوتانەمان لێوەردەگرنەوە .. هەروەکو کونە بەعسی ( ساڵح موتڵەک ) وتی " لە ئێستادا دەستمان بەستراوە، گەر دەستمان بکرێتەوە خۆمان دەزانین کە چی بە کورد دەکەین " تا ئەمڕۆش ئەمەیە نێتی گڵاوی سونەی عەرەب .. ئەوەی بەسەریان هێنایین بە کەمی دەزانن .. ئایا جارێکی تر ئێمەی کورد لەگەڵ هەڵگرانی ئەم ئایدۆلۆژییە ڕەگەزپەرستن و بۆگەنەدا، دەتوانێن لەگەڵ سونەی عەرەبدا بچێتە ژێر ڕەشماڵی،ەوە .. بە ناوی حکومەتی عێراقی یەکگرتووەوە ..؟؟ .. دەتوانین ئەوە قبووڵ بکەین کە بە کەمان دەزانن و، وەکو هاوڵاتی پلە سێ لە کورد دەڕوانن ..؟؟

لە دوای کورد گەورەترین نەیاری سونەی عەرەب شیعەکان بوون .. ڕێوڕەسم و یادە ئاینییەکانیان ێ قەدەغەکردبوون .. بە ناوی نۆکەری بۆ ئێرانن تاوانی ناپاکییان دەدانە پاڵیان .. ئەم پریشکە ئێمەی کوردیشی گرتەوە، نزیکەی ملیۆنێک برا کوردە فەیلییەکانمان، چ وەکو کورد چ وەکو شیعە قوربانییەکی زۆریان دان، دە هەزار لاوی فەیلی لە لایەن بەعسییەکانەوە بێ سەروشوێن کران .. ملیۆنێک کوردی فەیلییان بەسەر رووتی و بە پێی پەتی دەربەدەری ئێرانیان کردن .. لە دیوی ئێرانیشەوە بەوە تاوانبار دەکران کە ئێوە عێراقین، فەیلییەکان لە نێوان عێراق و ئێراندا تۆپ تۆپێنیان پێدەکردن، ئەمانە هەموویان بیانوو بوون، راستییەکەی ئەوەیە، کە برا فەیلییەکانمان بەشێکی ڕەسەن و دڵسۆزن لە گەلی کوردمان، کوردستان پەروەری ناسراون ، ئامادەنەبوون کە چۆک بۆ بەعسی ڕەگەزپەرست دادەن .. ئەوە تاوانانەی کە بەعسییەکان لە کوردیان کرد .. بەو رادەیە لە شیعە عەرەبەکانیان نەکرد .... لە راستیشدا ململانێ و رق و دوژمنایەتی شیعە و سونە شتێکی تازە نییە، بەڵکو بۆ زیاتر لە ( ١٤٠٠ ) ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە .. شەڕ و ناکۆکی و ناحەزی ئەوان، ناکۆکییەکی تایفی و مەزهەبیە و لەسەر خەلافەت و دەسەڵات هەڵگیرسا .. کە تا ئەمڕۆش ئەو ئاگرە نێوانیان نەکوژاوەتەوە و، تا ئەمڕۆش وەکو نەیاری سەرسەخت لە یەکتری دەڕوانن، لەسەر ناوی( عومەر) و ( عەلی ) یەکتری دەکوژن .. ئەم دوو پێکهاتە کە نەتوان ئەو هەموو رق و کینەیەیان لەیاد بکەن و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە .. نەتوانن یەکتری قبووڵ بکەن .. ئایایە بە ئەقڵەوە دەچێت کە سونە و شیعە بچنە ژێر ڕەشماڵی بە ناو عێراقی یەکگرتووەوە ..؟؟
لە ئەمڕۆش هەندێ وڵاتی عەرەبی و ناوچەیی خۆیان بە پاڵپشت و بە دەم راستی سونەکان دەزانن هانیان دەدەن و پشتگیریان لێدەکەن و، بە پارە و بە چەک یارمەتییان دەدەن، یارمەتی لۆجستییان دەدەن ..سونەی عەرب تا ئەمڕۆش بەو خەیاڵەوە دەژین کە دووبارە باڵادەست بن و ببنەوە بە ئاغا و، حوکمی عێراق و کوردستان بگرنەوە دەست و .. دووبارە بەسەرکوتی کورد و شیعە بکەن .. بێگومان هەرگیز ئەم نیازە گڵاوەیان دووبارە نابێتەوە .

شیعەکانیش کە ئەمڕۆ لە عێراقدا باڵادەستن و، دەسەڵات و بڕیاردانیان قۆرخکردوون و، سوپای عێراقیش بۆتە سوپایەکی شیعە و .. چەندین گرووپیش بە ناوی ( الحشد الشعبي ) راستر وایە کە بە ( الحشد الشيعي ) ناویان بەرێن .. کە هەریەکە و سەر بە حیزب و لایەنێکن .. خۆیان لە سەرەوەی یاسا و دەسەڵاتەوە دەزانن .. خەڵکی دەکوژن .. خەڵکی دەڕفێنن .. تاڵانی دەکەن .. دەسووتێنن ..

مزگەوتی سونەکان دەتەقیننەوە .. ڕێ لە گەڕانەوەی ئاورە سونەکان دەگرن .. کەس ناتوانێت لێیان بپێچێتەوە و سزای یاساییان بدەن .. بۆیە سونەکان لە ئازادکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانیاندا .. بەشداریکردن و دەستێوەردانی ( میلیشیا چەکدارانی حەشدی شەعبی ) رەتدەکەنەوە، کە لە پرۆسەی رزگارکردنی ناوچەکانیان بەشداری بکەن .. چونکە نیگەرانن و گۆمانیان لە نییەت و تۆڵەسەندنەوە و کردەوەکانیان هەیە.

وەکو وتمان ر ، و دوژمنایەتی و شەڕی نێوان سونە و شیعە شەڕێکی مەزهەبی و تایفی کۆنە . بەڵام کێشەی ئێمەی کورد، کێشەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانییە .. کێشەی داگیرکردنی بەشێکە لە خاکی باشووری کوردستان .. کێشەی مافە زەوتکراوەکانی کوردە .. کێشەی پەراوێزکردنی کورد، لە ناوەندی بڕیاردان .. کێشەی جێبەجێنەکردنی بەندەکانی دەستووری عێراقە .. کێشەی پەشیمان بوونەوەیەی حکومەتی عێراقە ە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و، ڕێگریکردنە لە گەڕانەوەی کەرکوک و خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان بۆ سەر کوردستان .. کێشەی هاوبەشییەکی راستەقینەیە لە حکومەت و لە دەسەڵات و لە بڕیارە چارەنووسازەکان دا .. کێشەی تاکڕەو و قورخکردنی دەسەڵات و پۆست و پلە و پایەیە لە لایەن شیعەوە .. کێشەی نەدانی مووچەی پێشمەرگە و نەدانی چەکە بە کورد .. کێشەی بڕینی مووچە و نانی خەڵکی کوردستانە .. کێشەی ڕێنەکەوتنە لەسەر یاسای نەوت و گاز .. کێشەی درێژەدانە بە بەعەرەبکردنی کەرکوک .. ئێمەی کورد کێشەی ئایینی و مەزهەبی و تایفەگەری و دەمارگیری و دوژمنائەتیمان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نییە و، خاک و مافی کەسیشمان زەوت نەکردووە .

بە نەبوونی ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی و ادپەروەری و سەروەری یاسا لە عێراقدا.. ئەوە مەحاڵە کە ئەم سێ پێکهاتەیە ( کورد، سونەی عەرەب، شیعە ) لە ژێر رەشماڵێکدا بمێننەوە ، یا بەزەبەر و زۆرداری پێکەوە بژین بە سەریاندا پسەپێنرێت .. ئەمە و دەوڵەتانی ناوچەییش رۆڵێکی نیگەتیڤیان لە دەستێوەردان و لە تێکدانی باردۆخی ئەمڕۆی عێراقدا هەیە .. چونکە درێژەکێشانی شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی لە بەرژەوەندی ئەواندایە .. حەز بە ڕێکەوتن و بە ئاشتی و بە ئارامی و بە نزیکبوونەوە لە نێوان ئەم سێ پێکهاتەیە ناکەن .. بۆیە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئەم پێکهاتانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبنەوە .. تا زیاتریش درێژە بکێشن هێندەی تر کێشە و ناکۆکییەکانیان گەورەتر دەبن و، ناتوانن بە ئاشتی و ئاسوودەیی بژین .. دوژمنایەتی و رقەبەرایەتی و شەڕیش چارەسەر نییە ، بەڵکو هێندەی تر رقەکان گەورە دەکەنەوە و، شتی خراپتریان لێدەکەوێتەوە .. بۆیە پێویستە لۆژیکی ئەقڵ بە کاربهێنن و، هەریەکە ڕێز لە یەکتری بگرن و، بیر لە داهاتوو بکەنەوە و، کۆتایی بەم گۆبەن و ئاژاوەی نێوانین بهێنین .. هەریەکەمان لەسەر خاکی خۆماندا، بە ئازادی و بە ئاشتی و بە ئاسوودەیی بژین .. لە جیاتی ئەوە کە دوژمنی یەکتری بین، باشتر وایە کە سێ هاوسێی باشی یەکتربین .. بڕیارێکی وەهاش لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە و ڕێگرە لە درێژەدان بە ناکۆکی و ململانێی بێ ئەنجام .. کە زەرەرمەندن بۆ هەموو لایەک .

کەواتە باشترین و تەنها چارەسەر دابەشکردنی عێراقە بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ ( کوردستان ) و ( شیعستان) و (سونستان ).. ئێمە هەر ئەم ناوەمان هەیە ( کوردستان ) ، ئەوانیش خۆیان چی ناوێکیان پێخۆشە خۆیان دەزانن .. بیرۆکەی دابەشکردنی عێراقیش بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ بیرۆکەیەکی تازە نییە .. ( جۆن بایدن ) سیناتۆر لە کۆنگریسی ئەمریکی لە ساڵی ( ٢٠٠٦ ) دا، پێشنیاری دابەشکردنی عێراقی کرد بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ .. لەسەر شێوازی ڕێکەوتننامەی

( داینون بۆ ئاشتی ) لە بۆسنە و هێرسک، کە لە ساڵی ( ١٩٩٥ ) دا ، لە سەری رێکەوتن و جێبەجێکرا .. پێشنیارەکەی جۆن بایدن ئەوە بوو، بۆ ئاشتی و سەقامگیری، چارەسەر ئەوەیە کە عێراق بکرێت بە سێ هەرێمی سەربەخۆوە .. بەڵام لەوکاتەدا پێشنیارەکەی دەنگی زۆرینەی بە دەست نەهێنا، یەکەکێک لەوانەی کە لەگەڵ ئەم پێشنیارەدا نەبوو .. سیناتۆر باراک ئۆباما بوو .. ئیستاش ئۆباما کە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و، لە کۆتایی ئەمساڵدا کۆتایی بە سەرۆکایەتی دێت لەگەڵ ئەم پێشنیارەدا نییە .. بەڵام ( جۆن بایدن ) کە لە ئێستادا جێگری سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە .. لە چەندین بۆنەدا دووبارە جەختی لەسەر پێشنیارەکەی کرد ( بڕۆژەی دابەشکردنی عێراق ) بە باشترین چارەسەری دەزانێت بۆ ئەوەی لە عێراقدا ئاشتی و سەقامگیری بەرقەراربێت و .. کۆتایی بە شەڕ و ئاژاوە بێت .

( جۆش ئێرنست ) وتەبێژی فەرمی رۆژنامەوانی ( کۆشکی سپی ) لە ئەمریکا، دەربارەی بەرگی یەکەمی گۆڤاری ( تایم ) ی نزیک لە حکومەتی ئەمریکی، کە لە ژێر ناونیشانی ( کۆتایی عێراق) دایە، دەڵێ : " چەمکی دابەشکردن زۆر روون نییە .. ئەمە چەمکێکی تازەیە .. بەڵام مەترسی سەپاندنی چارەسەری دەرکی لەسەر عێراق مەترسیدارە " ناونیشانەکەی گۆڤاری تایم، لە کتێبەکەی ( پیتەر گالیبرس ) بە ناوی ( کۆتایی عێراق ) ەوە وەرگیراوە .. جۆش ئێرنست دەشڵێ : " ئۆباما رای پێ باشە کە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق چارەسەرێکی سیاسی دابنێن "

لە راستیشدا دەوڵەتێک نەماوە بە ناوی عێراقەوە، عێراق شکۆی نەماوە و لەسەر زەویدا لە رووی سیاسییەوە عێراق بووە بە سێ بە شەوە ( کورد، شیعە، سونە ) .. ئەوە مەحاڵە جارێکی تر ئەم سێ پێکهاتەیە لە ژێر رەشماڵێکدا بە ناوی عێراقەوە بچنە ژێر رکێفی یەکتری .. گەرچی لە ئەمڕۆدا تا رادەیەک بەرژەوەندییەکی لاوازی ئابووری و سیاسی، بە یەکجاری لێکی نەترازاندوون .. بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانی نێوانیان، کێشەی زیاتریان لێدەکەوێتەوە .

مافێکی یاسایی و ئاشتییانە و شارستانییە کە ریفراندۆم بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکرتووەکان لە باشووری کوردستاندا ئەنجام بدرێت و، رێز لە ئەنجامەکەی بگیرێت و قبووڵ بکرێت .. مافێکی رەوای خۆمانیشە کە بڕیار لە چارەنووسی خۆمان بدەین ( دەوڵەتی کوردستان ) رابگەیەنین ، مافی چارەی خۆنووسین، مافێکی رەوای هەر گەلێکی نیشتمان داگیرکراو و ماف زەوتکراوە، کۆمەڵەی نەتەوە یەگرتووەکان لە چەند بڕیارێکی تێکڕاییدا، ئەم مافەی بە رەوا و بە یاسایی کردووە، بە مافی هەر گەلێکی ستەملێکراو دەزانێت .. کورد وتەنی بۆ ( لە گەلانی تر عادەت بێت و .. لە ئێمەی کورد عێبرەت بێت ) .

بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین، کە پرسی ریفراندۆم و بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسین، بڕیارێکی نەتەوەیی چارەنووسازی گەلی کوردمانە .. پێویستە هەموو پارت و لایەنە کوردستانییەکان، هاوڕا و هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن لەم بڕیارە گرنگ و چارەنووسازەدا .. پێشبینی هەموو گریمانەکان و ئەگەرەکانیش بکەین .. پێشبینی هەموو ئەو تەگەرانەش بکەین، کە دێنە رێمان .. بڕیارێکی ئاسان نییە و پێویستە کاردانەوەی دەوڵەتە ناوچەییەکانیش لەبەرچاو بگرین .. ئەگەر ئیرادەیەکی تەواوامان هەبێت و هەموو لایەنە کوردییان کۆک و هاوڕا و یەکدەنگ بن، سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان دەبێت .. بۆیە پێویستە ئەم هەلە زێرینە لە دەست نەدەین .. بە بەشداربوونی هەموو پارتە کوردستانییەکان، کەسایەتییە دڵسۆز و و سیاسییە بە ئەزموونەکانمان و، شارەزایانی بواری یاسا نێودەوڵەتییەکان، لە

کۆنفرانسێکی نەتەوەیی فراوندا، بە راشکاوی باس لە هەنگاوەکان و لە ئالییەتی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین بکەین .. بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان، بەپێی قەوارەی خۆیان بەرپرسێتی لە هێنانەتی ئەم هیوا پیرۆزەی گەلەکەماندا بگرێتە ئەستۆ .. بێگومان سەرکەوتنمان لە یەکدەنگی و بەکریزی و یەکهەڵوێستی و یەکوتاری دایە .

پێویستە ( ریفراندۆم ) کەرکوک و خانەقین و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی تری باشووری کوردستان بگرێتەوە، ئەگینا بەبێ کەرکوک وخانەقین و ئەو ناوچانەی تر، راپرسییەکی پووک و بێ ئاکامە و .. دانانە بە داپڕانی ئەو ناوچانەمان لە باشووری کوردستان .. بۆیە نابێ دووبارە بکەوینە هەڵەیەکی مێژووییەوە .. کە راستکردنەوە مەحاڵ دەبێت .. پێویستە نەخشەڕێگایەکی ستراتیژی و تۆکمەمان هەبێت .. بە ووردی و بە قووڵی بیربکەینەوە و، بە ورياييەوە هەنگاوبنێین .. ژیرانە و بوێرانەش بین لە بڕیاردان لە پرسە نەتەوایەتییە چارەنووسازەکانمان .. با بە خۆماندا بچینەوە و، پەند و وانە لە هۆکارەکانی شکستی و نەهامەتییەکانی گەلەکەمان وەربگرین و، چیتر دووبارەیان نەکەینەوە .. با هەموو ناکۆکییەکانمان و بەرژەوەندی و دەسکەوتە تایبەتییەکانمان بە لاوە بنێین .. تەنیا وهەر تەنیا بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستان لەبەچاوبگرین .. با شەرمەزار نەبین و، نەوەکانی داهاتوومان نەفرەتمان لێنەکەن و .. با بە خۆپەرست و بەرژەوەندیپەرست و دۆڕاو نەتاوانبارامان نەکەن .

دەمەوێت ئەوەش بڵێم، من سەر بە هیچ لایەنێکی حیزبی نیم .. بەڵام وەکو رۆشنبیرێکی کورد و، کورد و کوردستان پەروەرێکی تا سەر ئێسقان، لە کێشە چارەنووسازەکانی گەلەکەماندا، کە بە شانازییەوە دەڵێم کە منیش رۆڵەیەکی ئەو گەلەم .. خۆم دوورە پەرێز و بێلایەن ناگرم و بێدەنگ نابم و بە راشکاوی گوزارشتم لە را و بۆچوونەکانم کردوون و دەیکەم .. ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی و پێویستی هەموو رۆشنبیران و نووسەران و دڵسۆزانی گەلەکەمانە، چونکە رۆشنبیران رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە .. بەشێکی گرنگی بەرپرسێتی لە ئەستۆی رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و، هەر دڵسۆزێکی کورد و کوردستان دایە .. پێویستە بێدەنگ نەبن و هەڵوێستیان هەبێت و، بە راشکاوی و راستگۆییەوە گوزارشت لە را و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن .

**رەزاشوان**

**نەرویج : ( ٣ ی/ یولی / ٢٠١٦)**